# راپۆرتی چالاکییەکانی ڕێخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە: بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی

**سلێمانی:**

**دوای دەرچونی بڕیارەکەی حکومەتی جەعفەری، ڕێکخراوی کوردستان ڕاگەیاندنێکی دەرکرد کە ئیدانەی ئەی بڕیارەی کردو سیاسەتەکانی پشتی ڕونکردەوە بۆ جەماوەرو داواش لەخەڵك کرابوو کە بەشێوەی سەراسەری دژی بوەستنەوەو پوچەڵی بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەشاری سلێمانی چەندین چالاکی جۆراو جۆر لەڕۆژانی رابردوەو تائێستا کراوەو وە ئەو چالاکیانە لەڕۆژانی داهاتوشدا بەردەوام ئەبێت.**

**دابەشکردنی بەیاننامەکانی حزب لە ناو جەرگەی شارو بەهەزاران ژمارەی لێبلاوکرایەوەو کە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا لەلایەن خەڵکەوە، وە ژمارەیەکیش لەدروشمەکانی حزب لەسەر ئەم بڕیارە لەسەر لافیتەی سوور لەناو بازارو شوێنە گشتییەکاندا هەڵواسرابوو، وە لەڕۆژی** 2005/12/21 **و لەسەر بانگەوازی دەستەی داکۆکی کۆبونەوەیەکی جەماوەری ئەنجامدرا،** کەسەدان کەس بەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتن، بەشداربوان دروشمەکانی" ئەبێت بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنی بەزوترین کات هەڵوەشێتەوە"و" نابێت حکومەتی هەرێم پابەندی بڕیاری حکومەتی مەرکەزی بن سەبارەت بە گرانکردنی نرخی سوتەمەنی".... بەرزکردبوەوە، وە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ ڕێپێوان بەرەو ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ پێدانی یاداشتنامەیەك لەوبارەیەوە بۆ ئەنجومەنی ناوبراو کە داوایان لێکرابوو بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنی هیچ پاساوێك هەڵناگرێتو نابێت کاری پێبکرێت، بەڵام ئەم هەوڵە هێمنانەیەش دیسانەوە لەگەڵ فشارو پێشێلکارییەکانی ئاسایشی سلێمانی بەرەو ڕووبوەوەو ڕێگەیان نەدا کە ڕێپێوانەکە ئەنجام بدرێت، وە هەوڵیاندا کە زمناکۆ عزیزو عیسا حاجی عبداللهو ئەکرەم محمدو نوزاد بابان ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە دەستگیر بکەن، بەڵام لەگەڵ وەڵامی ناڕەزایەتی جەماوەری ڕووبەڕووبونەوەو لەژێر فشاری خەڵکداو بە هوتاف کێشان بەسەر ئاسایشەکاندا ڕێگەنەدرا کە کەس دەستگیر بکرێتو ڕاپێچی ئاسایش بکرێت. ئەم کردەوەیە لەکاتێکدابوو کە ڕۆژێك بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەپرسانی ئاسایشی سلێمانییەوە ڕەزامەندی بۆ وەرگیرابوو، ئەم کردەوەیەی ئاسایشی سلێمانی پێچەوانەی ئیدعاکانی ئیدارەی سلێمانیە سەبارەت بە ئازادی خۆپیشاندانو هەڵسوڕانی سیاسی.

شایەنی باسە کە هەریەکە لە زمناکۆ عزیزو عەلی مەولودو نەوزاد بابانو ئەکرەم محمدو عیسا حاجی عبدالله ....... قسەیان بۆ ئامادەبوان کردو، جەختیان لەسەر کارکردن بۆ شکست پێهێنانی ئەو بڕیارە کردەوە. کە سەرجەم قسەکانو دروشمەکان لەلایەن جەماوەرەوە بەگەرمیو

بەچەپڵە ڕێزان پێشوازی لێکراو توڕەیی‌و بێزاری خەڵکیش بەرامبەر کردەوەکانی ئاسایشی سلێمانی چەندبەرابەر زیاتر بوو.
وەهەر سەبارەت بەو بەڵێنانەی کە ئاسایشی سلێمانی ئیدارەی پارێزگا سەبارەت بە پێدانی مۆڵەتی خۆپیشاندان‌و ڕێپێوان چەند جارێك نوێنەری دەستەی داکۆکی لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگادا کۆبونەوەکراوە بەڵام تائیچستا هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون‌و ئیدارەی سلێمانی بەنیازی پێدانی مۆڵەت نییە. هەربۆیە بڕیارە ڕۆژی چوارشەممەی ئایندە خۆپیشاندانێکی جەماوەری تر لەسەر هەرمان گرفت‌و کێشەی گرانی لەبەردەرکی سەرای سلێمانی ساز بکرێت.
شایەنی باسە کە ڕاگەیاندنەکانی سلێمانی سەرباری ئەم تەعتیمەی کە لە ژێر فشاری یەکێتی‌دا خستبویانە سەر چالاکییەکان، بەڵام ڕۆژنامەکانی هاوڵاتی‌و ئاسۆ ئاڵای ئازادی‌و ڕادیۆی ئازادی‌و یەکسانی‌و ........ هەواڵی ئەو چالاکیانەو چاوپێکەوتنەکانی هەڵسوراوانیان بڵاوکردەوە.

**کەرکوك:**

دوای بانگەواز بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی جەماوەری‌و بڵاوکردنەوە ی ژمارەیەکی زۆر لەڕاگەیاندنەکانی حزب سەبارەت بە بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنیەکان، سەرەنجام گەڕەکی شۆرجەو ئیسکان لەڕێکەوتی 2005/12/19 دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی سەرجەم جەماوەری ناڕازی عێراق و ڕژانە سەر جادەکان و ئەو بڕیارەیان ئیدانە کردو وەبەبڕیارێکی دژ بەخواستەکانی خەڵکیان لەقەڵەم داو داوای هەڵوەشانەوەی فەوری ئەو بڕیارەیان کرد .
کۆمیتەی کەرکوکی حزب‌و دەستەی داکۆکی‌و کادران‌و دۆستانی حزب بە چڕی بەشدارییان کردو کەسایەتی ناسراوی کەرکوك‌و یەکێك لەڕابەرانی خۆپیشاندانەجەماوەرییەکە هاوڕێ ئازاد مجید بەدرێژایی ئەو ماوەیە قسەوباسی بۆ خەڵك ئەکردو‌و لەمەرامەکانی بڕیارەکەو ئاکگامەخراپەکانی ئاگاداری ئەکردنەوەو هانی ئەدان کە بەردەوامبن لەسەر ناڕەزایەتی دەربڕین تا شکست پێهێنانی یەکجارەی بڕیارەکە.
بەڵام بەهۆی ئیستفزازری پۆلیسەوە نمایشەکە گۆڕدرا بۆ کێشمەکێشی نێوان خەڵك‌و پۆلیس، کە پۆلیسەکانی وەك کاری هەمیشەییان کەوتنە تەقەکردنێکی ئێجگار زۆر بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵك‌و ژمارەیەك کەسیشیان دەستگیر کرد کە هەر هەمان ڕۆژ ئازادکران، وە لەدرێژەی ەو چالاکیانەداو جارێکی لەڕۆژی 2005/12/29 لەسەر بانگەوازی دەستەی داکۆکی لەشاری کەرکوك خۆپیشاندانێکی جەماوەری تر بەڕێخرا بۆ هەمان مەبەست. سەرەتای کۆبونەوەکە لە مەیدانی کرێکاران لە گەرەکی شۆرجە لە سەعات 2ی دوای نیوەڕۆ دەستپێکردو دواتر خۆپیشاندانە بەرەو بەنزیخانەی شۆرجە بەریکەوت، ئازاد مەجید کادری حزب‌و ئەندامی دەستەکەو وتەبێژی کۆبونەوەو خۆپشاندانە، ڕایگەیاند کە خۆپیشاندانەکانی خەلکی شاری کەرکوك دریژەی دەبێت

تاکو شکست بەم بڕیارە دژی ئینسانیەی حکومەت دەهێنن‌و هەروەها بانگەوازی ئیدارەو پاریزگاری شاری کەرکوکی کرد، کە ئەگەر لە گەڵ خواستەکانی خەڵکدان با بێن هاوشانی خەلك ناڕازی بن‌و ئەم بڕیارە لەکەرکوکدا ڕابگرن. شایانی باسە کە هیزەکانی پۆلیس کەوتنە ویزەی خەڵك‌و لەسەرەتاوە بەتەقەکردن بەسەر خەلکداو پاشان بە تەقەکردن بەنیو خەلکەکەدا ویستیان بلاوە بکەن بە جەماوەری نارازی‌و ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە خەلك بکەوێتە ویزەیان‌و شەقامەکان ببەستن بەهۆی سوتاندنی تایەو پاشان بە دارو بەردەوە پەلاماریان بدات‌و کە لە ئەنجامدا بوە هۆی ڕاکردنی پۆلیسەکان، بەڵام بەهۆی فەزای تەقەو فەوزایەك کە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش نایانەوە، خەلك بلاوبوبوەو بەم هۆیەوە توانیان چەنك کەسیك لە خۆپیشاندەران بگرن. ئەوەی لەم نیوەدا پیوستە جەختی بخریتە سەر ئەوەیە، کە سکرتیری کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی لە شۆرجە و ئەندامانی کۆمیتەکە لە نزیك خۆپیشاندەرانەوە وەستابون بۆ ساردکردنەوەی خەلك‌و بەشدارینەکردنیان لەم خۆپیشاندانەدا، بەلام هەموو هەوڵەکانیان پوچەل مایەوە. وە خۆپیشاندەران پاداشتێکیان پەسەند کرد کە دەدرێتە پارێگای کەرکوك کە ئەمە ی خوارەوە بەشێکە لەو یاداشتە:

ئێمە دانیشتوانی شاری کەرکوك ، بەتوندی دژی بڕیاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنی وبڕینی حصەی بایعی وسەخت کردنی باری ژیانی خەڵکین ، ئەو بڕیار وڕێسایانەی کە لەمبارەیەوە دەرکراون ، بڕیاری دژە خەڵکی برسیکرونن ، بۆیە رایدەگەیێنین کە نابێت ئەو بریارانە کاریان پیٚ بکرێت بەفەوری هەڵوەشێتەوە .

ئیدارەی شاری کەرکوکیش ئەگەر خۆی بەپشتیوانی جەماوەری شئەم شارە ئەزانێت ، ئەبێت :

1 ـ کار بە بڕیارەکە نەکەن ونرخی شت ومەك وسوتەمەنی وەك پێش بڕیارەکە لێبکرێتەوە .

2 ـ شانبەشانی خەڵکی کەرکوك کار بکەن شکست پێهێنانی بڕیارەکەو وهەڵوەشانەوی یەکجاری ئەو بڕیارە .

وە ڕایدەگێنیٚ کەتا هاتنەدی داواکانمان ، دریژە بەناڕەزایەتی وخۆپیشاندان ومانگرتن دەدەین وڕێگە نادەین برسێتی زیاتر بکرێتە بەشی ژیانمان .

هەولێر:

بەسەرپەرشتی کۆمیتەی هەولێر هەزاران دانە لە بەیاننامەکانی حزب لەناو شاری هەولێرو لە شوێنەگشتی‌یەکانیدا بلاّو کرانەوە، کە تایبەت بوون بەبڕیاری حکومەتەکەی جەعفەری تاڵەبانی سەبارەت بە زیاد کردنی نرخی سوتەمەنی بۆ پێنج بەرابەر لەنرخی ئاسایی خۆی. هەروەها چەند لافیتەکیش لە شوێنە گشتیەکانی شاردا دانران، کە سەرجەم دروشم‌و بەیانەکان جێگەی پێشوازی خەلبکی ئەو شارەبوون، هەربۆیە خێرا ئاسایشی هەولێر لەبەرامبەر ئەم چالاکیانەدا کەوتنە ئەوەی کە بچنە سەرماڵی هاوڕی یوسف محمد سکرتێری کۆمیتەی هەولێری حزب، پاش دوسەعات لەڕاگرتن‌و لێکۆڵینەوەی بیٚ مانا ئینجا ئازادی دەکەن.

**گەرمیان و ڕانیەو قەڵادزە:**

**هەر لەدرێژەی هەمان ئەو چالاكیانەی كە دژ بەبڕیاری سوتەمەنی ئەنجامئەدرێن، بڕیار بوو لەناوچەی پشدەر خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت، بەسەرپەرشتی هاوڕێ هاوبەش داودەوە، بەڵام بەهۆی ڕێگریەكانی بەرپرسانی ئیداری ئەوناوچانەوە ڕێگە لەوەها كارێك گیرا. بەڵام هاوڕێیانی حزبی لەڕێگەی لافیتەو بڵاوكردنەوەی ڕاگەیاندنەكانی حزبەوە ئەو دەنگە ناڕازییەیان بڵند ڕاگرت و بەدەیان كەس لەدەروی هاوڕێیانی حزب كۆبونەتەوەو دەستخۆشیان لێكردون، وە تا چەند ڕۆژیش دواتر لافتەكانی حزب لە جێگای خۆیان ماونەتەوە. وە لەكەلاریش چەندین نسخە لەبەیانەكانی حزب بڵاوكرانەوەو ئیدانەی بڕیارەكە كراوەو چاوەڕوانی سازكردنی خۆپیشاندانێكی جەماوەرین.**

**بۆجاریكی تریش خەلكی كوردستان نیشانیان دایەوە، كە لەپیناو خواست و ویستەكانی خۆیاندا ئامادەنین بەهیچ بەهانەو بیانویەك بەلارێدا ببرێن و سورن لەسەر دریژە دان بەخەبات و ناڕەزایەتی خۆیان تا بەدیهێنانی خواستەكانیان، خەلكی كوردستان بەم هەنگاوانە"نا" یەكی تریان نا بە "نا"كانی دژ بەم حكومەتە تائیفەیە قەومیەی سەرمایەوەو بڕیارە دژی ئینسانیەكانی كە مشەخۆرانە دەیانەوێت لەسەر سفرەی خاڵی كرێكاران و هەژارانی عیراق و كوردستان دەسەلاتی خۆیان دریژە پێبدەن و هەموو پروپاگەندە سواوەكانی خۆیان كە لەكاتی هەڵبژاردندا خەڵكیان پێ بیهۆش دەكرد، لە بیر بچێتەوە.**

**ڕیخراوی كوردستان، بەهەموو توانایەوە لە هەوڵی بەهیزكردن و ڕیخراوكردن و سەرتاسەریكردنەوەی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵكی كوردستان دایە لە پێناو گەیشتن بە هەموو ئاوات و ئامانجەكانیان.**